**دەنگەکان** : دوای تێپەربوونی نوزدە ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا،ئایا ئەدەب توانیویەتی لەناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفاێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسی و ئایدۆلۆژی پێیان ناساندوین؟تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبیە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟

**نیگار نادر:**



ئەنفال یەکە لەو کارەساتە مێژوویانەی لەرۆژهەڵاتی ناوین و لەسەدەی بیستەمدا ئەگەر بەسەر هەر نەتەوەیەکی دیکە هاتبا جگە لەکورد بێ گومان بە زمانێکی دی و بەشێوازێکی دی پێناسە دەکرا.
ئەنفال ئەو تاوانە گەورەیەی تائێستاش ڕەهەندو کاریگەریەکانی بۆ کورد ڕوون نین و زانستیانە بۆی شینەکراونەتەو بەسەریاندا تێپەڕیوە
شوینەوارەکانی ئەنفال زۆر خەتەرن بەسەر ڕوح و زەینی ئەو نەتەوەیەی ئەنفالکراوە،چونکە ئەنفال هەر قڕکردن و بزرکردنی جەستەنیە بەتەنها بەڵکو شوێنەواری ڕەگ دهاوێژێ بۆ قڕکردنی کەلتوری و قڕکردنی ڕۆشەنبیری و مەعریفی ئەونەتەوەیە.

ئەگەر برەک بەهۆشیاری لەو نۆزدە ساڵەی بهزرین کە بەسەر ئەو قڕکردنە ڕەگەزیەیدا تێپەڕیوە دەبینین سێ قۆنانغی زۆر هەستیاری بڕیون،ئەویش قۆناغی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردوستان،قۆناغی شەری براکوژی، قۆناغی ڕوخانی ڕژێمی بەعسن،کەدەبێ زۆر بەڕوونی هەست بەو گۆرانکاریانە بکەین کەئاراستەو شێوازوکاریگەری هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانی لەسەربەجێماون،لێ زۆر بەسانایی و بەنائاگایی بەسەر کورددا تێپەڕیوە وبەپەلە پرۆژە و بە کەمتەرخەمی کراوەتە مێژوو تەنها لە مانگی نیسان دا وەکو بۆنە یادی دەکرێتەوە

ئەنفال لەپاش ڕاپەرین یەک بوو لەدروشمە هەرە دیارو دەکاربراوەکان بۆ یەکەم هەلبژاردن و پەرلەمانی کوردی بۆیە زۆر بەگوڕ کەوتبوونە ژمارنی قوربانیەکانی و بەڵێن بەخشین بە پاشماوەی کەسوکارەکانیان وناونووس کردن و بەلێن دان بە بەدواداچونی چارەنوسیان و دابەشکردنی ئالآی کەسک و سۆرو زەرد بەسەریاندا و برینەوەی ئازوقە بۆیان پاشان سازدانی کۆرو سیمینارو لاواندنەوە حیزبیەکان نەبرابونەوە کە کتوپڕ شەری براکوژی هەلایساو ئەو دوبەرەکیە کوشندەیەی کەوتەوە ئەنفالیشی وەکو هەر پرۆژەو پرۆسەیەکی ژیانی کورد دابەش کردو هەڵبری و هەر حیزبەو بە پێی ستراتیژیەتی و عەقلیەتی خۆی پێناسەی بۆ ئەنفال نوسی و هێندەی پێداویستی خۆی پارەی پێ پەیداکرد و بەحیزبی کردنی ئەنفال بەبرەوکەوت و کەسوکارەکانیشیان لێکهەلبواردن و هەر حیزبەو لەدەڤەری خۆی بە موچەیەکی بۆ برینەوەو لەبەر خەمی نان پەیداکردن و نیشتەجێ بوون سەرلێشێواو بوون و تابەرەبەرە کەوتنە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی ،بۆیە بەدرێژایی ئەو پێنج سالەش کورد لەبەر دەست نانە خوێنی یەکتری ئەنفالی فەرامۆش کرد.

قۆناغی پاشتریَ شەڕی ئازادکردنی عێراق و رووخانی ڕژێمی بەعس هاتە گۆریَ و ئەمەریکا ئەنفالی وەکو کارتێکی نویَ هێنایەوە سەر زمان و بەرچاوان و وروژاندیەوە و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە سەریان هەڵدرانەوەو چارەنوسی ئەنفاکراوەکان زۆر بەڕوونی لەمێدیایەکان را وەدەرکەوت، لیَ کورد دیسان لەبەر کێشمەکێشی برایەتی کورد و عەرەب و پەرلەمانی و سەرۆکایەتی عێراق و هەڵبژاردن ئەو سێناریۆ ئەمەریکیانە بە شێوەیەکی عەقلانی وبەپلان کاری بۆ ئەنفال نەکردو بەنەخافلی ئەو مەلەفەی داخست و دەستبەرداری بوو.

ئەوە کۆی ئەو زمانە سیاسی و ئایدۆلۆژیە بووە کە کورد بەدرێژایی ئەو نۆزدە ساڵە بۆ ئەنفال دەکاری بردوەو مامەڵەی پێکردوە کەدەکریَ بڵێین زمانێکی کول وکورت بووە بە ورد بینانە بەکارنەهێنراوە

لەبۆیە کایەی رۆشەنبیری و فیکری کورد هەڵقوڵاوی ئەو بارو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسیە بووە کۆپی ئەو هەنگاوانەی کردۆتەوە زۆر زەحمەتە بڵیی ئەدەبێک هەیە کرۆکی ئەنفالی لەزمان و فانتازیادا پاراستوە لەچەند دەقێکی دانسقەدا ، بیَ لەچەند دەقی جوان کەتاکە تاکە نوسراون و بلاوبونەوە

لەڕاستی دەبیَ لێرە ئاماژە بە ڕاستیەک بکەین کە زۆر خەمهێنەرە ئەویش ڕەوشی ئێستای ڕۆشنبیری کوردیە کە شوێنەواری ئەنفالێکە بۆخۆی چونکە زۆر نوسەری بەتواناو بەکەرامەت و دەقی گەورەو بەبڕشت هەن لیَ کەس نازانیَ چۆن گڵ وەسەر ناوو بەرهەمیان دەدریَ و لەبەر چاوان بزر دەکرێن و دە کتێبی جوان بڵاوکرێتەوە خوێنەری نیەو ڕەخنەی ئەدەبی نیە،بیَ لەوەی هەندەک نوسەرو دەقی بازاڕی هەن کە لەهەموو مێدیای کوردی ڕا دەوەشێنرێن و بەئەدەبی نویَ و بەنوسەری گەل ناوزەد دەکرێن و هەر ئەو بابەتانەش زوو چاپ دەکرێن و وەردەگێردرێن، هەروەها هەموو نوسەرو ڕۆشەنبیری کورد نە لە کوردوستانیَ نە لە تاراوگە نەرێکخراوێک نە دامەزراوێکی ڕاستەقینە هەیە نوێنەرایەتیەیان بکاو خەمی دابین کردنی و چاپ و بڵاوکردنەوە و وەرگێرانیان بۆ بخوا، حیساب نەکردن بۆ ڕاو دیدی نوسەرو ڕۆشەنبیران و پشتگویَ خستنیان و کۆکردنەوەیان لەیەکیەتی و دەزگاو رێکخراوێکی حیزبی داو وەکو کەمئەندامان و بڕینەوەی مووچە بۆیان چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

لێرەدا جێی خۆیەتی چەندپرسان بورژێنین ئەویش بۆ ئەدەبی ئەنفال لەناو ئەدەبی کوردی دا وەبەرهەم نەهات و نایێ؟ بۆکتێبخانەی کوردی لە قەیرانی داهێنان و خوێندنەوە چەقی بەستوە؟بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ڕۆژ نیە لەبرسان و بیَ خزمەتگوزاریان ئەنفالیَ بەچاوی خۆیان نەبین و ئەنفال نەکرێنەوە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی دا؟ بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەنفالی نەکردە سیمبۆلێک بۆ داواکردنی مافی نەتەوایەتی خۆی؟بۆ سەدامی دیکتاتۆر لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە لەسێدارە نەدرا؟بۆ قوربانی و پاشماوەکانی ئەنفال تەنها داوای قەرەبووی مادی دەکەنەوە؟بۆ سیاسەت و ئەدەبی کورد بەرامبەر ئەنفال لەقەیران کەوتوون؟

ئایا نەتەویەک توشی ئەو قڕبوونە ڕەگەزیە بوبێتەوەو تائێستاش لەزانکۆیەکانی دا بەشێک وبابەتێک نەبیَ و لەکتێبخانەکانی دا ئەدەبێک نەبیَ سەرچاوەگەلێکی زانستی نەبیَ بەناوی لێکۆلینەوە و ئەدەبی قڕکردن یا ئەنفال بەو مانایە نایە ئەو نەتەوە توشی قڕکردنی ڕۆشەنبیری و ئەدەبی هاتوە؟

پشکێکی دیکەی پرسیارەکەتان لەو زمانە دەپرسن کە تا ئێستا ئەنفالی پیَ بەرجەستە بووە لەنێو ئەدەبی کوردی دا بۆیە دەکریَ بێژین کردەیی ئەنفال کردن بۆتە گەمەو ئەخلاقیاتێک لەنێو کۆی کایە رۆشەنبیری و

ئەدەبیەکان و بۆیە ئەو زمانەی ئێستا بۆبەرجەستەکردنەوەی ئەنفال وەبەرهەم هاتوە زۆربەی زۆری زمانی پارانەوەو زمانی لاواندنەوەیە کە زۆر کرچ و کاڵ شیعرو پەخشانی لە ڤیستیڤاڵ و مەراسیمی حیزبی دا پێ هاتۆتە وەشاندنێ و یا هەر بەو زمانی پارانەوەو قوربانی بوونە هەندێک دەقیان وەرگێراونەتە سەر زمانی عەرەبی ، لەهەمووی کارەساتتر تا ئێستێش زۆربەی نوسەرو رۆشەنبیری کورد سەرسامە و شانازی بەوە دەکات کە بەعەرەبی دەنوسێ و عەرەبی زانە و شاگەشکە دەبن ئەگەر دەقێکیان وەرگێردێتە سەر ئەو زمانەو دوو عەرەب بیاناسن ئەوا لەچەندین گۆڤارو روژنامانداندا رێکلامی بۆ دەکرێ کە پێچەوانەی ئەوە هەرگیز بۆ رۆشەنبیرێکی عەرەب جێی بایەخێ نیە سەرسامبوون بە رۆشەنبیری ئەو نەتەوەیەی بۆتە هۆی قڕکردنی ڕەگەزی تۆ ولەو دەمی دا خۆ بیدەنگ کردن و چاوپۆشینیان لەو کارەساتەی دیسان جێی نائومێدی و خەم و لەسەر ڕاوەستانە،چونکە ئەوانە بەدەگمەنیان نەبێ تائێستاش حەساسیەتیان بە ناوی کوردە هەیە.

نوسەرو ئەدیبی کورد هەر بەرامبەر ئەو کارەساتە بێ بایەخ وخەمسارد نەبووە شەڕی براکوژیش کارەساتێکی گەورەبوو کە دەبوو ئەدەبی براکوژی جێگای دیاری هەباو گەیشتبا ئاستێکی بەرز چونکە ڕوداوو کەرەستەو پاڵەوانەکانی هێندە زیندو لەبەرچاوان و گەرم بوون، لێ ئەویش بەسەری دا بازدراو وردەوردە دەچتە خانەی لەبیر چوونەوە پاڵەوانەکانی ئەوڕۆ کەناڵە هەرە هەستیارەکانی سیاسی و ڕۆشەنبیریان بەدەستەوەن.

ڕاستە کارەساتی ئەنفال نۆزدە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە لێ ئەخلاقیاتی ئەنفالکردن وەکو پاشماوە لەنێو کایەکانی کۆمەڵگەدا بەجێ ماوە و ڕەگی هاویشتوە چونکە هەموو دەمێ دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە ئەنفالچیەکان کورد بوون و ئێستاش لەپۆست و پێگەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاودان و پارێزاون بەڕای من ئەوە کارەساتێکە هێندەی ئەنفال تراژیدی و کۆکوژ و گەورە،بەو مانایەیی ئەو ئەخلاقە ڕەگ و پریشکی هاویشتۆتە ناو ژیانی رۆشەنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردو پەکی خستوە، ئەو کارەساتە لە بێئەزمونی کورد بێدەسەڵاتیەتی لەبواری زانستی ئەگینا بەتەنها کاریگەریە سایکۆلۆژیەکان لەسەر پاشماوەکانی جێنۆساید گرنگی تایبەتیان پێ دەدرێ وچەندین لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکرێ نەکو تەنها داواکردنی قەرەبووی ماڵی .

دەکرێ ئەدەب ببتە زمانێک بۆ بەجیهانیکردنێ کارەساتی ئەنفال لێ ئەوە ئەو بارودۆخەیە ئەو قۆناغەیە کەئێستا ئەدەبی کوردی پێیدا تێدەپەڕێ دەستەو وەستانی ئەدەب و کول بوونی زمانی مەعریفی کوردە و گەورەترین کارەساتە و بەمانای ئەنفالبوون و قڕکردنی زمان و فیکرو داهێنانە.

ڕاستە ئەنفال نۆزدە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە لێ ئەنفال کردنی کورد بەردەوامە بەناوی دی و بە دروشمی دی ، شوێنەواری ئەنفال لەسەر روحی تاکی کورد بەجێماوەو پریشکی هاویشتۆتە ناو هەموو کایەکانی ژیانی و پێویستە کوردچیدی کەمتەرخەمی نەکا نەوەکو ئەوجارەش وەبەر ئەنفالێکی ئەمەریکی کەوێ وخەونەکانی ژێرگڵ کرێنەوە.

لەندەن